# پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا


سەعد عەبدولڕەزاق قازی

کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر


موقع اللغة الكوردية في نظام التربية و التعليم في اقليم كوردستان

سعد عبدالرزاق قاضي


المُلخَّص ( نبذة مختصرة)

هذا المقال يصب في اطار علم اللغة الاجتماعي . السؤال الرئيسي في هذا المقال هو عن موقع اللغة الكوردية في ( نظام ) التربية و التعليم فى اقليم كردستان . للوصول الى جواب سؤالنا هذا و تحت ظل نظرية التحقيق، سُعِيَ الى دراسة المطالعات الموجودة و النظريات ذات الصلة بتنظيم مكانة اللغة و التي تمثل وجهة نظر علماء اللغة . و من ثم و للحصول على النماذج اللازمة ، أُجريَت احصائية بين معلمي ثلاث مدارس من مدارس مدينة اربيل و هي مدارس "ئەختر " و " جمهوري" و " فاخير" . ثم نُظِّم جدول ليضم هذه المعلومات و آنذاك قُيِّمت آراء المدرسين من حيث الكمية و الكيفية بروح انتقادية . المقال يسعى الى القاء الضوء على ـ و فهم الافكار التي كانت وراء كسب هذا الموقع من قِبَل اللغة الكوردية في النظام التعليمي و كيفية تبلور هذه الافكار و كيفية التخطيط لادراجها حيّز التنفيذ و كيفية تنفيذها و تاثير هذه الامور على موقع و مكانة اللغة الكوردية في هذا السياق . في الختام يستنتج المقال ان مكانه و موقع اللغة الكوردية في نظام التربية و التعليم في اقليم كوردستان ( الصف التاسع ) ذو شأن لابأس به و لكن مع تضاؤل محدود و ان الحفاظ على و تنمية موقع اللغة الكوردية في النظام التعليمي ذو حاجة الى اصلاح و اهتمام اكثر.


الكلمات الدالّة : التخطيط اللغوي ـ موقع و مكانة اللغة ـ اللغة الكوردية ـ التعليم و التربية ـ المعلم.

## پۆختە

ئەم وتارە دەچێتە خانەی زانستی زمانناسی کۆمەڵایەتییەوە. پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە، ئاخۆ وەزارەتی پەروەردە چ پلانێکی بۆ پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا هەیە. بۆ دۆزینەوەی وڵامی ئەو پرسیارە، پێداچوونەوەیەک بە خوێندنەوەکانی پێشوودا کراوە. دواتر تیۆری سەر بە بابەتی پێگەی زمانی، کە بریتییە لە ڕای زمانناسان، پێکگیراوە و هەڵسەنگێندراوە. لەدرێژەدا بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست، لە گەڵ مامۆستایانی سێ قوتابخانەی ئەختەر، جمهووری و فاخیر لە شاری هەولێر، ڕاپرسی کراوە و ڕای ئەوان لە بارەی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا وەرگیراوە. بە دوای ئەودا، وێنە بۆ داتاکان داندراوە و وەسف و شەرح کراون و لە کۆتاییدا لە ڕووی تیۆری سەر بەبابەتەکە، ڕای مامۆستایان بە شێوەیەکی ڕخنەگرانە لێکدراوەتەوە. ئەو وتارە بۆی گرنگ بووە بزانێت، ئاخۆ پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بەرهەمی چ بیرۆکەیەکە، ئەم بیرۆکەیە چۆن بەرهەم هاتووە، چ پلانێکی بۆ داڕێژراوە، بە چ شێوەیەک جێبەجێ کراوە و ئەنجامەکانی ئەو پلانانە لە سەر پێگەی زمانی کوردی چی بوون. لە کۆتاییدا، بۆی دەرکەوتووە کە زمانی کوردی لە ڕووی کارپێکردنەوە، لە پۆلی نۆی قوتابخانە حوکمییەکاندا، خاوەنی پێگەیەکی بەرزە بەڵام، بە هۆی جۆراوجۆر ئەم پێگەیە بەرەو لاوازی چووە و پێویستە سیستەمی پەروەردە زیاتر لە خەمی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بێت.


وشە سەرەکییەکان: پلاندانڕێژیی زمانی، پێگەی زمانی، زمانی کوردی، سیستەمی پەروەردە، مامۆستا.

# برنامه‌ریزی جایگاه زبان کردی در نظام آموزش و پرورش اقلیم کردستان

سعد قاضی

بخش زبانها. دانشگاه صلاح الدین. اربیل

## چکیده

این مقاله در چهارچوب علم زبانشانسی اجتماعی قرار می گیرد. سوال اصلی این مقاله در باره‌ی جایگاه زبان کوردی در نظام آموزش پرورش اقلیم کردستان است. برای پیدا کردن جواب این سوال تلاش شده است، به عنوان تئوری تحقیق، مطالعات قبلی و نظریه‌های مرتبط با برنامه‌ریزی جایگاه زبان که عبارتند از نظر زبانشناسان بررسی شود. در ادامه برای بدست آوردن نمونه‌های لازم، از معلمان سه مدرسه‌ی "ئه‌خته‌ر"، "جمهوری" و"فاخێر" از شهر اربیل نظر سنجی شده است و نمونه‌های لازن جمع آوری شده است. بعد از آن برای نمونه‌های جمع آوری شده، جدول تهیه شده و نظر معلمان به لحاظ کمی و کیفی و به صورت منتقدانه مورد بررسی قرار گرفته‌است. برای این مقله مهم بوده است که دریابد، جایگاه زبان کردی در آموزش و پرورش محصول چه افکاری است، این افکار چگونه بوجود آمده‌اند، برنامه ریزی برای آن چگونه بوده است، چگونه اجرا شده‌اند و نتیجه‌ی این برنامه ریزها بر روی جایگاه زبان کوردی چه بوده است. در خاتمه به این نتیجه رسیده است که زبان کردی در آموزش و پرورش اقلیم کردستان(کلاس نهم) دارای جایگاه و شان مناسبی است، ولی تا حدودی رو به افول است و حفظ و توسعه‌ی جایگاه زبان کردی در آموزش و پرورش نیاز به اصلاح و توجه بیشتری دارد.

واژگان کلیدی: برنامه‌ریزی زبانی، جایگاه زبانی، زبان کردی، آموزش و پرورش، معلم.

## پێشەکی

پلاندارِێژیی پێگەی زمانی یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارِێژیی زمانییە. پلاندارِێژیی زمانی پەیوەندی بە زانستی زمانناسییەوە هەیە و سەر بە زمانناسی کۆمەڵایەتییە. زانستێکی زمانناسانەیە کە پێیەکی لە ناو سیاسەت و کۆمەڵناسیدایە و پێیەکی لە ناو زمانناسیدایە. واتە لە ڕووی کۆمەڵگەوە بارودۆخی زمان لێکدەداتەوە و کاریگەری سیاسەت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە سەر زمان تاووتوێ دەکات و لە ڕووی کۆمەڵگەوە، بارودۆخی ئێستا و داهاتووی زمان پیشبینی دەکات. ئەم وتارە لە ڕوانگەی مامۆستایانی سێ قوتابخانەی "ئەختەر"، "جمهووری" و "فاخیر" لە چۆنایەتی و چەندایەتی پلاندارِێژیی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، دەکۆڵێتەوە. واتە داتاکانی بە شێوەی راپرسی لە مامۆستایانی ئەم سێ قوتابخانەیە کۆ کردۆتەوە. ئەم وتارە بە نیازە لە ڕووی خوێندنەوەی ڕای زمانناسان لەو بارەیەدا، بە شێوەی ڕەخنەگرانە، ڕای مامۆستایان لێکداتەوە و بەو شێوەیە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەڵسەنگێنێت و تێبگات کە ئاخۆ پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا چۆنە. گرنگایەتی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە مامۆستایان بەشێکی سەرەکی سیستەمی پەروەردەن کە ڕۆژانە سەروکاریان لە گەڵ زمانی کوردیدا هەیە و دەکرێ لە ڕوانگەی ئەوانەوە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بە باشی هەڵسەنگێندرێت. گریمانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بەرەو لاوازی دەچێت. ئەو توێژینەوە بە نیازە کەموکوورییەکانی پلاندارِێژیی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بدۆزێتەوە

و دواتر بە پێشنیازکردنی ڕێگە چاکسازی لەم بوارەدا، بەرچاوڕوونی بۆ ئەو کەسانە دروست بێت کە لەوبارەدا کار دەکەن و بڕیار دەدەن. هەروەها ئەو ئیمکانە پێکدێنێت، کە بە بەراورد لە گەڵ بارودۆخی زمانی کوردی، خودی زانستەکە فراوانتر بکات و بەرچاوڕوونی بۆ بەشەکانی تری کوردستان و وڵاتانی هاوشێوە بەرهەم بێنێت. ئەم وتارە بە پێشەکییەک دەست پێدەکات، دواتر بە هێنانی تیۆر و بەخوێندنەوەی بابەتەکانی پێشوو، وەسف و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی داتاکان بەردەوام دەبێت و بە ئەنجامێک کۆتایی پێ دێنێت.

**پلاندارێژیی زمانی**(Language Planning)

پلانداڕێژیی زمانی تێگەیەکە کە یەکەم جار لە ڕۆژاوادا سەری هەڵداوە. ئەو تێگەیە زیاتر لە نیو سەدەیە هاتۆتە ناو بەشە زانستییەکانی زمانەوە و لە هەرێمی کوردستاندا بابەتێکی، تاڕادەیەک، نوێیە. هۆی سەرهەڵدانی ئەم بوارە ئەوەیە کە زمان، وەک زۆر بابەتیتر، بۆ ڕاوەستاوی و گەشەکردن پێویستی بە پلانداڕێژی هەیە. کووپر لە بارەی پلانداڕێژیی زمانیدا دەڵێت، پلانداڕێژیی زمانی خەم لەوە دەخوات کە"چ کەسانێک، چ کردەوەگەلێک لە چ کەسانێکی تر و بە چ مەبەستێک، لە چ هەل و مەرجێکدا، بە دەست چ ڕەوتێکی بڕیاردەر و بە هۆی چ کەرەسەیەکەوە و بە چ ئاکامێک لەبارەی زماندا قبووڵ دەکەن."(داوری اردکانی، ١٣٩٠:١٠). ڕۆناڵد وارداف(١٣٩٣: ٥٦٨) دەڵی، پلانداڕێژیی زمانی هەوڵێکی دەستانقەستە لە پێناو گەشەی زمانێکدا. وارداف لەو بەشە لە پلانداڕێژیی زمانی خافلە کە هەوڵی لاواز کردن یا لە ناو بردنی زمانەکانیتر دەدات. واتە ئەو قەلەمە پێی وایە کە پلانداڕێژیی زمانی، لە بەرهەم هێنانی *ئەویتردا* دەتوانێ

دەورێکی کارا بگێرێت. وەک چۆن دەتوانیٚ بە جۆرێک بێت کە هەڵاواردنی تێدا نەبێت و ئەویترێکی مافخوراو بەرهەم نەهێنێت.

ئەمیر حەسەنپوور(سمینار، ١٩٩٢) لەو بارەی پلاندارێژیی زمانیدا دەڵیٚ: وەک چۆن پلان بۆ پێشخستنی ئابووری وڵاتێک هەیە، پلان بۆ گەشە پێکردن و بەرەوپێش بردنی زمانیش هەیە. ئەو ڕای وایە گەورەترین ئەرکی بەڕێوە بردنی پلانی زمانی دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەت. پێناسەکەی ئەمیر حەسەنپوور هەرچەند پێناسەیەکی بەرگرە، بەڵام پێناسەیەکی گشتگیر نییە. چونکە سەرەنجی نەداوەتە ئەو بەشە لە پلاندارێژیی زمانی کە وەک وارداف(١٣٩٣: ٥٦٨) باسی دەکات، هەوڵی پەڕاوێز خستن و لەناوبردنی زمانێکی تر دەدات. بۆ نموونە پلاندارێژیی زمانی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی بۆ پەڕاوێز خستنی یا لە ناو بردنی زمانی کوردی بووە.

گای کووک(١٣٨٩: ٨) ڕای وایە کە پلاندارێژیی زمانی بریتییە لە بڕیاردان لە بارەی پێگەی فەرمی زمانەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، وەکوو پەروەردە و ڕاهێنان، کە زۆربەی جاران قانوون پشتیوانی لێدەکات. لە سەر ئەو بنەمایە دەکرێت پلاندارێژیی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروردەدا، لێکەوتەی ئەو بڕیارانە بزانرێت کە لە بارەی زماندا دەدرێت و مامۆستایان دەتوانن دەورێکی کارا لە بەها بەخشین بە پیگەی زمانی کوردی لە پەروەردەدا ببەخشن. ئەردەکانی(١٣٩٠: ٧) لە زمان فیشمەنەوە لەو بارەدا دەڵیٚ: پلاندارێژیی زمانی سەرەکی ترین بابەتی کۆمەڵناسی زمانە و تەنانەت هەندێک لە لایەنەکانی دەچێتە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمەڵناسیی زمان. واتە ئەویش هەر وەک گای کووک ڕای وایە کە پلاندارێژیی زمانی بوارێکی

خوێندنەوەیی سەربەخۆ نییە و پەیوەندی چڕی لە گەڵ کۆمەڵناسیدا هەیە. ئەو پێناسەیەش وەک پیناسەکەی پێشوو باس لە کاریگەری کۆمەڵایەتی لە سەر پیگەی زمان لە پەروەردەدا دەکات، کە مامۆستایان بەشێک لەو کاریگەریانە بەرهەم دێنن.

روبین و جێرنوود (١٩٧١) پلاندارێژیی زمانی بە گۆرینێکی دەستانقەست دەزانن کە بە سەر نیشانەکانی زمان، چ لە نووسیندا و چ لە ئاخاوتندا، بەڕێوە دەچێت. ئەوان بۆچوونیان وایە کە ئەو دەستتێوەردانە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە بەڕێوە دەچێت، کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون. لە ڕووی ئەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت، کە ئەرکی پلاندارێژیی زمانی، چارەسەری کێشەکانی سەر بە زمانە و، ئەرکی پلاندارێژە کە بۆ گەیشتن بە باشترین بڕیار لە بارەی زماندا هەوڵ بدات و، لایەنەکانی چارەسەری کێشەکە هەڵسەنگێنێ. لێرەشدا دەوری مامۆستایان بەرجەستە دەبێتەوە. چۆنکە جگە لەوەی خۆیان دەتوانن کاریگەریان لە سەر پیگەی زمان هەبێت، بەشێکی کاران لە جێبەجێکردنی ئەم ئالوگۆڕانەی بە سەر نیشانەکانی زماندا دێن. چونکە وەک ڕۆبین جێرنود باس دەکات، پلاندارێژیی زمانی، چارەسەرکردنی کێشەی زمانە(داوری اردکانی،درآمدی بر...، ١٣٩٠ :٨) و مامۆستایان بەشی جێبەجێکاری ئەم بابەتەن.

داس گۆپتا(Das gupta) (١٩٧١) پێناسەیەکی تری بۆ پلاندارێژیی زمانی کردووە. ئەو لە بابەتێکدا بە ناونیشانی "بەرەو تیۆری پلاندارێژیی زمانی"، دەنووسێ: "پلاندارێژیی زمانی بەکارهێنانی هۆشیارانەی سەرچاوەیلی زمانی بە شێوەیەکی کونترۆڵ کراوە"(هەمان:٩). ئەو لای وایە زمان یەکێک لە سەرمایە و داهاتەکانی هەر نەتەوەیەکە کە دەبێت پلانی بۆ دابندرێت. خاڵی هاوبەش لە نێوان رۆبین و داس گۆپتا ئەوەیە، کە

هەردووکیان ڕایان وایە، هۆی وەکوو ماهییەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بایەخی فەرهەنگی، نەریتی کۆمەڵگە و ... کاریگەری لە سەر پلاندارشتنی گشتی هەر وڵاتێکدا هەیە کە پلاندارێژیی زمانی لقێک لە ئەو پلاندارێژییەیە. ئەوان لایان وایە کە لە پلاندارێژیی زمانیدا، زمان سەرمایەیەکی کۆمەلایەتییە و خاوەنی بەهایەکی کەرەسەییە و لە لایەکی تریشەوە شوناسی نەتەوەی خاوەن زمانەکەیە(هەمان:٩).

سەرەڕای ئەو پێناسانە، پێناسەی تریش بۆ پلاندارێژیی زمانی کراون کە دەتوانێ بابەتەکە زیاتر ڕوون بکاتەوە. بۆ نموونە ئیسمیت(١٩٩١) لای وایە کە پلاندارێژیی زمانی کردەوەیەکە لە دەرەوەی زمان و ئەرکی سەرەکیشی چاک کردنی سیستەمی زمانە. سیستەمێک کە جەماوەرێکی زۆر دەوری تێدا دەبینن و گۆرینیشی کارێکی دژوارە. ئەو ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕەوتەکانی بریاردان سەبارەت بە زمان یا پلاندارێژیی زمانی، چەند سەدەیە کە بە ناونیشانی جۆراوجۆر بە رێوە دەچێت. بۆ نموونە سەپاندنی زمان(Language imposition)، گەشەی زمان(Language Spread)، و سیاسەتی زمان( Language Policy). بە بڕوای ئەو سەپاندنی زمانی فەرمی یا ئیداری بە سەر خەڵکی وڵاتێکدا کە زمانێکی تریان هەیە، عەقلییەتێکی لە پشتە، کە زیاتر مەبەستی ئابووری و سیاسی هەیە تا مەبەستی زمانی(هەمان:٩ و١٠). لە سەر ئەساسی ئەو پێناسەیە پیویستە سیستەمی پەروەردە زیاتر بایەخ بە پلاندارێژیی زمانی بدات. چونکە وەک ئیسمیت باس دەکات، پلاندارێژیی زمانی، وەک جۆن کاریگەری لە بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت، بە هەمان شێوەش کاریگەریان لە سەر دادەنێت.

مارک پاین(هەمان:٥١) یەکێکی تر لەو زمانناسانەیە کە سەرەنجی داوەتە بابەتی پلاندارِێژیی زمانی و پێیوایە پێناسەکەی جاشوا فیشمەن(١٩٤٧: ٧٩) گونجاوترین پێناسەیە. ئەو لەو بارەیەدا دەڵی: پلاندارِێژیی زمانی هەوڵ و ورد بوونەوەیەکی دەسانقەست و مکورە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی گونجاو بۆ کێشەکانی سەر بە زمان لە ئاستی نەتەوەییدا. لە سەر بنەمای ئەم لیکدانەوەیە پلاندارِێژیی پیگەی زمانی بوارێکە کە بە یارمەتی ئەو سیستەمی پەروەردە دەتوانێ کێسەکانی سەر بە پێگەی زمانی کوردی چارەسەر بکات. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی فیشمەن، کووپر(١٩٨٩) لای وایە کە پلاندارِێژیی زمانی هەوڵی لایەنێکە بۆ ئەوەی ڕەفتاری زمانی لایەنێکیتر بخاتە ژێر کاریگەری خۆی، نەک ئەوەی تەقەلایەک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان. ئەو لای وایە، پلاندارِێژیی زمانی تەنیا ئەو شتە نییە، کە لە پانتای وڵاتێک یا نەتەوەیەکدا ئەنجام دەدرێت، بەڵکوو پێیوایە کە پلاندارِێژیی زمانی لە گۆمەڵگای بچووکتری وەک قوتابخانەشدا ئەنجام دەدرێت(هەمان:١١). لەو ڕوانگەیەوە، پلاندارِێژیی زمانی ئەو چالاکییانەش دەگرێتەوە کە مامۆستاکان لە پۆلدا ڕەچاوی دەکەن. هەر بۆیەشە کە ئەو وتارە لە ڕای مامۆستایان ورد دەبێتەوە و لە ڕوانگەی ئەوانەوە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەڵدەسەنگێنێت.

فیلیپسێن(١٣٩٥: ١٢١ و ١٢٢) پێیوایە پلاندارِێژیی زمانی بەکارهێنانی لێهاتوویی و زانیاری زمانناسانە لە پێناو چارەسەری کێشەکانی سەر بە پێگە و جەستەی زمان. بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە هەست بکرێت کە ئەندازیاری کردنی زمان دەتوانێ کاریگەری لە سەر پێگە و جەستەی زمان دابنێت. ئەگەر مەبەستی سیستەمی پەروەردە

ئەندازیاری زمان بێت، سیستەمی پەروەردە شوێنێکی گونجاو بۆ ئەم مەبەستەیە و مامۆستایان یەکێک لە کەرەسەکانی ئەم ئەندازیاری کردنەن.

سەرەڕای ئەم پێناسانەی بۆ پلاندارێژیی زمانی کرا، پێناسەی تریش بۆ ئەم بابەتە کراوە. بۆ نموونە، سەلام ناو خۆش(٢٠١٠: ٥١) لە پێناسەی ئەو چەمکەدا دەڵێ: پلانی زمانی هەوڵێکی سیاسی دروستە کە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشتێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و، هەوڵدەدات ڕەوشتی زمان لە وڵاتدا بگۆڕێت. لەو پێناسەیەدا، سەلام ناوخۆش دروست بوون دەکاتە مەرجێک بۆ پێناسەی پلاندارێژیی زمانی. کەچی ئەم وتارە پێیوایە پێویست بە بەها بەخشین ناکات و دروستی یا نادروستی، بۆ پێناسە کردنی پلاندارێژیی زمانی مەرجێکی گونجاو نییە. چونکە بۆ نموونە، دەکرێ پلاندارێژیی زمانی هەبێت، بەڵام مافی زمانی گەلانی جیاوازی وڵاتەکەی تێدا وەبەر چاو نەگیرابێت. تەنانەت پلاندارێژیی زمانی دەتوانێت هەوڵێکی سیاسیش نەبێت. بۆ نموونە لەو بەشەدا کە کاریگەری لە سەر جەستەی زمان دادەنێت، دەکرێ بە هەوڵێکی زمانناسانە لە قەلەم بدرێت.

ئەم وتارە، بە پشت بەستن بە ڕای زانایانی بواری پلاندارێژیی زمانی، بەو شێوەیە پێناسەی پلاندارێژیی زمانی دەکات. "پلاندارێژیی زمانی بەو هەوڵە دەسانقەستانە دەگوترێ کە لە ژێر کاریگەری سیاسەتی زمانی و زانستی زمانناسیدا، بە مەبەستی کاریگەری دانان لە سەر پێگە، جەستە و فێرکاری زمان یا زمان و شێوەزاری تاک، کرووپە کۆمەڵایەتییەکان، نەتەوە یا خەڵکی وڵاتێک، بە مەبەستی گۆڕین یا چارەسەری کێشەکانی سەر بە زمان ئەنجام دەدرێت. ئەم هەوڵانە زۆر جار لە لایەن دەسەڵاتی

سیاسییەوە بە مەبەستی سیاسی، ئابووری، زانستی یا فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، ئەنجام دەدرێن و جاری وایە لە لایەن تاک، بنەماڵە یا گرووپی کۆمەڵایەتییەوە بە مەبەستی جۆراوجۆری وەکوو بەرگریکردن لە شوناسی نەتەوەیی، فێرکاری، فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، هونەری و ... بەرێوە دەچێت و سیستەمی پەروەردە شوێنێکی گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پلانانەیە.

پلاندارێژیی زمانی بەسەر سێ لقدا دابەش دەکرێت. ١. پلاندارێژیی پێگە، ٢. پلاندارێژیی جەستە و ٣. پلاندارێژیی فێرکاریی زمان. بە هۆی وەی ئەم وتارە دەیهەوێت لە پلاندارێژیی پێگەی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بکۆڵێتەوە، زیاتر لەم بابەتە ورد دەبێتەوە.

پلاندارێژیی پێگەی زمانی(Status Planning) بە کۆی ئەو چالاکییانە دەگوترێت کە بۆ کاریگەری دانان لە سەر کردەوەی زمانی تاکەکان و کۆمەڵگە لە باری پێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێت(داوری اردکانی، برنامە ...، ١٣٩٠ :١٤). ڕەفیق شوانی ڕای وایە، کە زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر کاریگەری زمانی میللەتانی دەسەڵاتدار، بە تایبەتی دوای پیلانی گەورەی دابەشکردنی کوردستان بە سەر وڵاتانی جیاوازدا(ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٨: ٤). ئەوە نیشان دەدا کە پلاندارێژیی پێگەی زمانی پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جۆگرافیایی و ئابووری و... هەیە. پێناسە کردنی پلاندارێژی پێگەی زمان، جار وایە لە وڵامی ئەو پرسیارانەدا دێت کە ئاخۆ لە وڵاتێکی فرە زماندا، کام زمان بژار دەکرێت و بە چ مەبەستێک بژار دەکرێت و چۆنی کار پێدەکرێت. کەواتە پلاندارێژیی پێگە، بەو هەوڵە دەستانقەستانە دەگوترێ کە پێگەی زمان و


شێوەزارەکان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەشێکی گرنگی ئەو هەوڵە دەستانقەستانە بریتین لەو بڕیارانەی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتان لە بارەی پێگەی زمانێک دەیدەن و بەڕێوەی دەبەن و سیستەمی پەروەردە یەکێک لەو شوێنە گرنگانەیە کە ئەم پلانەی تێدا بەڕێوە دەچێت. ئەو وتارە دەیەوێت بە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی ڕای مامۆستایان، چۆنییەتی ئەم پلانانە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا هەڵسەنگێنیت.

دکتور جەعفەر شێخۆلئیسلامی(٢٠١٧: ٣٥) باس دەکات، سیستەمی پەروەردە تەنیا بوار نییە کە پلاندارێژیی زمانی تێدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بەو حالەشەوە، سیستەمی پەروەردە، بە تایبەتی لە وڵاتانی چەند زمانەدا، شوێنێکی گرنگە کە پلاندارێژەران دەبێ بەهای پێبدەن. ویلیام سامارین(١٣٨٧: ٧) بە بۆچوونی خۆی، گرنگایەتی بەهادان بە پلاندارێژیی پێگە لە سیستەمی پەروەردەدا بەرجەستە دەکاتەوە و پێیوایە کە پەروەردە شوێنێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە جۆری پلاندارێژیی پیگەی زمانی وڵاتان. بۆ ئەو مەبەستە ڕای مامۆستایانی چەند قوتابخانەیەکی هەولێر لە سەر پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە. چونکە وەک فیلیپسێن(١٣٩٥: ١٢٣) باس دەکات، بڕیاری مامۆستایان کاریگەری لە سەر پێگەی زمانی هەیە و دەتوانێت، چۆنی و چەندی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا دیاری بکات. لە سەر ئەم ئەساسە ئەم وتارە لە ڕووی ئەم تیۆرانەی باسیان کرا، ڕای مامۆستایان وەسف دەکات و بە شێوەی ڕەخنەگرانە هەڵیاندەسەنگێنێت.

## وەسف و لێکدانەوەی ڕای مامۆستایان

ئەم وتارە، مامۆستایان بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سیستەمی پەروەردە دەزانێ و پێیوایە کە ڕای مامۆستایان دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ تێگەیشتن لە جۆری پلاندارێژیی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەرەوەردەدا. بەو هۆیە، هەوڵ دەدا لە رێگەی ڕای ئەوانەوە بە دوای دۆزینەوەی پرسیاری وتارەکەدا بگەرێت کە بریتییە لە، چۆنییەتی پێچارانی سیستەمی پەروەردە بە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا. جیگالن، ویلیام و ئارتۆر لەو بارەدا دەڵێن:"مامۆستایان و بەرێوەبەرانی پەروەردەیی جگە لەوەی دەورێکی بونیادیان لە ڕێکخستنی پلانی وانەیی قوتابخانەدا هەیە، شارەزای چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە دان(جی گالن سیلور، ویلیام ام. الکساندر، آرتور جح. لوئیس، ١٣٧٨: ٨٩). واتە ڕای مامۆستایان ئەو دەرفەتە بۆ ئەم وتارە دەرەخسێنێت کە زیاتر لە جۆری پلاندارێژیی پێگەی زمانی کوردی ورد بێتەوە، کێسەکانی تێبگات و چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە لە گەڵ ٢٢ مامۆستا لە سێ قوتابخانەی تێکەڵی فاخێر مێرگەسۆری، کچانەی ئەختەر و کورانەی جمهووری، ڕاپرسی ئەنجام دراوە و لەو بەشەدا ئەم بیروڕایانە وەسف دەکرێت و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێک دەدرێتەوە.

لە <u>پرسیاری یەکەم</u>دا لە مامۆستا پرسیار کراوە کە داخوا پێی باشە خوێندن بە کام زمان بێت. بۆ وڵام دانەوە چوار بژاردە دیاری کراوە. ڕێژەی وڵامەکان بەو شێوەیەیە. کوردی ٩١٪ و ئینگلیزی ٩٪.




ئەو ڕێژەیەی نیشان دەدا کە زمانی کوردی لای مامۆستایان خاوەنی پێگەیەکی بەرزە. پێگەی بەرزی زمانی کوردی لای مامۆستایان دەتوانێ هۆی جۆراوجۆری هەبێت کە لەدرێژەدا باسیان دەکەین و لێکیان دەدەینەوە.

پۆلکردنی هۆی ئەو مامۆستایانەی کە پێیان باشە خوێندن بە زمانی کوردی بێت، لە ڕووی لقەکانی پلاندارێژیی زمانییەوە بەو شێوەیەیە. ٧٥٪ی ئەو مامۆستایانەی پێیان باشە خوێندن بە زمانی کوردی بێت، هۆیەکانیان پەیوەست بە پێگەی زمانی کوردییە. بۆ نمونە ئەوان دەڵێن زمانی کوردی زمانی دایکییە و بۆ ئەوەی نەفەوتێ پێویستە قوتابیان بەو زمانە بخوێنن. و ٢٥٪ی هۆی مامۆستایانیش پەیوەندی بە گرنگی زمانی کوردی بۆ فێرکاری هەیە. بۆ نموونە ئەوان لە هۆیەکانیاندا دەڵین، زمانی کوردی بۆ تێگەیشتنی قوتابی باشترە و پێویستە لە سەرەتادا بە تەواوی شارەزایی لە زمانەکەی خۆی پەیدا بکات و پاشان فێری زمانەکانی تر بێت. ڕای مامۆستایان نیشان دەدات، کە زمانی دایکی باشترین زمانە بۆ پەروەردە کردن و ڕاهێنانی قوتابی. چونکە زمانێکە کە قوتابی لە هەموو زمانەکانیتر باشتری دەزانێت و، دایک و باب و بنەماڵە دەتوانن لە ڕێگەی ئەو زمانەوە، هاوکاری باری زانستی قوتابی بکەن. زمانێک کە قوتابی دەتوانێ تێگە و بابەتە

سەرەتاییەکانی پێ فێربێت و دواتر لە ڕووی ئەو زانیاریانەوە نە تەنیا زانست، تەنانەت زمانەکانی تریش بە باشی فێر بێت.

سەرەڕای ئەوانەش، ڕای مامۆستایان ئەم تیۆرە پشتڕاست دەکاتەوە کە زمان تەنیا کەرەسەی فێرکردن نییە. بەڵکوو بەشێکە لە شوناسی تاک و دەکرێ بە پشت بەستن بە زمان کەیانێک بۆ کورد دابمەزرێت. چونکە بەشێک لە مامۆستایان ڕایان وایە کە زمانی کوردی بنەمای دروست کردنی دەوڵەتە. ئەوە وا دەکات کە زمان بەهایەکی سیاسی و پەیدا بکات و بە جۆرێک ببێت بە پاڵبشت بۆ جۆری دامەزراوەیەکی سیاسی و حوکوومەتی کە بە زمان دەناسرێتەوە. هەرچەند دەکرێ ڕەخنە لەو شێوە تێڕوانینە بگیرێت. چونکە زمان تا ڕادەی کەرەسەیەکی سیاسی بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵام نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی بەشێک لە مامۆستایانەوە، بە واتەی پاراستنی نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافیای نەتەوەی کوردە. واتە ئەم راستییە نیشان دەدات کە زمان لە کەرەسە گەورەترە و شوناسی سیاسی، مێژوویی و کەلتووری تاکی کوردی لە سەر بونیاد نراوە.


سەتاسەتی هۆی ئەو نۆ لەسەدە لە مامۆستایان کە پێیان باشە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بێت، پەیوەستە بە پێگەی زمانی ئینگلیزییەوە. واتە پەیوەندی بەو هێژمۆنییەوە هەیە کە زمانی ئینگلیزی هەیەتی و توانیوییەتی بایەخێکی زۆر لای ئەو مامۆستایانە پەیدا بکات. ورد بوونەوە لە هۆی ئەو مامۆستایانە نیشان دەدات کە زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانێکی جیهانی. ئەو مامۆستایانە ڕایان وانییە کە زمانی ئینگلیزی تەنیا زمانێکی نێوانگیرە کە قوتابی دەتوانێ لە پەنا زمانی دایکی فێری بێت و کاری پێبکا. بەڵکوو پێیان

باشە کە زمانی ئینگلیزی، زمانێکی جێگرەوە بێت بۆ پێخوێندن لە سیستەمی پەروەردەدا. بۆ ئەوەش پاساوی ئەوە دێننەوە کە زمانی ئینگلیزی زمانی تکنۆلۆژییە. ئەو پاساوە نیشان دەدا کە ئەو مامۆستایانە لە ڕوانگەی مادی و ئابوورییەوە دەڕواننە زمان و روانگەی زانستی، کۆمەڵایەتی، شوناسی و مێژوویی زمانیان فەرامۆش کردووە. واتە زمان بە کەرەسەیەک دەزانن کە دەبێ لە خزمەت زانستی مادی و دواتر ئابووری وڵاتەکەدا بێت و لەو ڕوانگەیەوە بەری خۆیان دەدەنە گرنگی ئەو زمانەی کە پێویستە کاری پەروەردەیی پێبکرێت. ئەوان پێیان وایە کە ئەگەر خوێندنی زمان لە سەرەتاوە بە زمانی ئینگلیزی بێت، ئەوە دەبێتە هۆی پەرەهەستاندنی زیاتری زانست و ئابووری و پیشەسازی. کەچی توێژینەوەکان ئەوە نیشان نادەن. بۆ نموونە بەشێک لە زمانناسانی وەک جەعفەر شێخۆلئیسلامی ڕایان وایە کە ئەگەر خوێندن لە سەرەتاوە بە زمانی دایکی بێت، ئەم ئامانجانەی سەرەوە باشتر وەدی دێن. لە لای تریشەوە ئەم باوەرە لای بەشێک لە مامۆستایان بەرهەمی سیاسەتی زمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و نووسەری ئەم وتارە ڕای وایە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرز کردنەوەی پێگەی زمانی کوردی، پێویستە زەمینەی ئابووری و زانستی بۆ زمانی کوردی فەراهەم بکات. چونکە بەشێک لە هۆی بەرز بوونەوەی پێگەی هەر زمانێک پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە.

بابەتێکیتر کە پەیوەندی بە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە، چۆنییەتی پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدایە. بە جۆرێک کە لاوازی لە پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا کە لایەنی ڕێنووس، ڕێزمان، خاڵبەندی و وشەناسی و داڕشتن دەگرێتەوە، کاریگەری نەرێنی دەخاتە

سەر پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا. لە درێژەی ئەم وتارەدا پلاندانڕێژیی جەستەی زمان لە ڕووی ڕای ماۆستاین لێکدەدەینەوە و کاریگەری چۆنییەتی ئەم بابەتە لە سەر پێگەی زمانی کوردی باس دەکەین.

<u>پرسیاری دووهەم</u> لە مامۆستا دەپرسێت کە داخوا چەندە لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان کە بە زمانی کوردی نووسراون، ڕازییە. ئەو پرسیارە لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ورد دەبێتەوە، کە لکێکی سەرەکی پلاندانڕێژی زمانییە و کاریگەری لە سەر پێگەی زمانی کوردی هەیە. ڕێژەی ڕازیبوونی مامۆستایان لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان بەو شێوەیەیە. کەم ٥٠٪، نەخێر٢٣٪، زۆر ٢٣٪ و یەکجار زۆر ٤٪.





ئەم ڕێژان [illegible] زۆرە و بەو هۆیە مامۆستایان ڕەخنەی توندیان لە خاڵبەندی نێو کتێبە وانەییەکان هەیە. بە جۆرێک کە لە سەر یەک ٧٢٪ی مامۆستایان یا لە خاڵبەندی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازی نین یا بە کەمی لێی ڕازین. ڕێژەی ناڕەزایەتی مامۆستایان دەبێتە هۆی لاواز بوونی پێگەی زمانی کوردی. تەرجومەی حەرفی بابەتە وانەییەکان هۆکارێکیترە کە بە ڕای مامۆستایان بۆتە هۆی خراپ تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتەکان. کاریگەری زمانی عەرەبی لە سەر ڕێزمانی کوردی کتێبە وانەییەکان یەکێک لەو بابەتانەیە کە مامۆستایان لە هۆی وڵامی ئەو پرسیارە و پرسیاری پێشتریشدا ئاماژەیان پێکردووە. هۆی ئەم کاریگەرییە دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی یەکەم جار ڕێزمانی کوردی لە باشووری کورستان کەوتۆتە ژێر کاریگەری سەرف و نەحوی عەرەبی(ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٠: ١٠١). هەر وەک ئەوەی زمانی کوردی لە ئێران و تورکیادا، کاریگەری ئەم دوو زمانەی بەسەرەوە دیارە. ئەو نامەیە ڕای وایە کە ڕاوەستاوی و گەشەی هەر زمانێک زیاتر لە وەی پەیوەندی بە وشە و فۆنیمەوە هەبێت، پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە. بۆیە پێی وایە پلاندارێژەرانی زمانی لە ناو سیستەمی پەروەردەدا، دەبێ ئاوری جیدی لە ڕێزمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بدەنەوە. ئەم بابەتەش پەیوەندی بە جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە و دەبێتە هۆی لاواز بوونی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا. هەروەها مامۆستایان لە هۆی ناڕەزامەندی خۆیان بە جەستەی زمانی کوردی ئاماژەیان بە بوونی هەڵە لە خاڵبەندیدا کردووە و ئەو بابەتەش هەمیسان دەبێتە هۆی دابەزینی پێگەی زمانی کوردی.

لە ڕووی بەشێک لە هۆیەکان دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی کە خاڵبەندی زمانی کوردی لە بەراورد لە گەڵ زمانی ئینگلیزی هەڵە و کەم و کووری زۆر تێدایە. هەڵەیەک کە سەرەڕای دروست کردنی گرفت لە تێگەیشتندا، خێرایی قوتابیش لە خوێندنەوە و فێربووندا کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی وەی پێگەی زمانی کوردی بەرامبەر بە زمانی ئینگلیزی بێتە خوار و بێ باوەڕی و بێ متمانەیی بە زمانی کوردی دروست دەکات. چونکە دروست نووسین یەکێک لەو بابەتانەیە کە دەبێتە هۆی وەی پێگەی زمانێک لای مامۆستا و قوتابی بەرز بێتەوە. پێچەوانەکەشی دەبێتە هۆی دابەزینی پێگەی زمان. بۆیە پێویستە سیستەمی پەروەردە بۆ بەرزکردنەوەی پیگەی زمانی کوردی ئاور لە پلانداڕێژیی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بداتەوە و چاکسازییان تێدا ئەنجام بدات. لە

درێژەی توێژینەوەکەدا بۆ ورد بوونەوەی زیاتر لە چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، پرسیار لە چۆنییەتی ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبە وانەییەکان لە مامۆستایان کراوە.

<u>پرسیاری سێهەم</u> لە مامۆستا دەپرسێت ئاخۆ لە ڕێنووس و ڕێزمانی دەقی کتێبەکان ڕازییە. ئەم پرسیارە پەیوەندی بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانەوە هەیە و ئەم وتارە ویستوویە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە جەستەی زمانی کوردی، پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەڵسەنگێنێت. ڕێژەی ڕەزایەتی مامۆستا لە ڕێنووس و ڕێزمانی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بەو شێوەیەیە. کەم ٥٥٪، زۆر ٢٧٪ و نەخێر ١٨٪.




ئەو ڕێژەیە نیشان دەدا کە ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبە کوردییەکان هەڵەی زۆر تێدایە. ناڕازیبوونی مامۆستایان بەو ڕێژە زۆرە، جیا لەوەی کاریگەری دەخاتە سەر پرۆسەی ڕاهێنان و پەروەردە کردن، دەبێتە هۆی وەی کە پێگەی زمانی کوردیش لاواز بێت. چونکە لەوانەیە قوتابی و مامۆستا هەست بەوە بکەن کە سیستەمی پەروەردە بایەخێکی ئەوتۆ

بە زمانەکە نادا. یا لەوانەیە ئەم گومانە بکەوێتە سەر زمانی کوردی کە خودی زمانەکە بەو دەرەجەیە ستاندارد نەکراوە کە بتوانرێت کاری پەروەردەیی بە باشی پێ ئەنجام بدرێت و گەر زمانێکی تر جێگەی بگرێتەوە ڕەنگە باشتر بێت. چونکە ڕێنووس و ڕێزمانێکی دروست و یەکدەست، یەک لە قوناخەکانی بە ستاندارد کردنی زمانە. لە باری هەبوونی هەڵەدا پێویستە بگوترێ کە بە بێ هەڵە کردن ناتوانین باس لە چاکسازی بکەین و بوونی هەڵە کۆتایی زەمان نییە. کەوابوو هەبوونی هەڵە ئەو وتارە ناهومێد ناکات. بەڵکوو هانی دەدا کە پێشنیاز بکات بە خێرایی ڕێنووس و ڕێزمانی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و چاک بکرێت. جێگەی سەرنجە کە پێداچوونەوە بە جەستەی زماندا، تەنیا پەیوەندی بە هەڵەی ڕێنووسی یا ڕێزمانییەوە نییە. بەڵکوو بە پێی وەی زمان دایمە لە حالی گۆڕان و پیشکەوتن دایە، پێویستە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبە وانەییەکان، پێداچوونەوەیان پێدا بکرێت.

ئەو نامەیە لە پێداچوونەوە بە ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبە وانەییەکان و بە گشتی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، ئەوەی لەبەر چاوە کە بەرەوپێش بردنی ڕەوتی بە ستاندارد کردنی زمان پێگەی زمانەکە بەرز دەکاتەوە. پێیوایە کە زمان بە شێوەی خۆرسکی ستاندارد نابێت، بەڵکوو پێویستی بە پلاندارێژیی وردی زمانەوانان و پشتگیری دەسەڵات هەیە و لە ناو کتێبە وانەییەکاندا خۆی نمایش دەکات.

بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا لە ڕێگەی چاکسازی لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە ئەنجام دەگات. گەر لە ڕای مامۆستایان لە پرسیاری چوارەمدا ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ٦٣٪ی مامۆستایان

ڕایان وایە کە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵەی تێدایە. بە ڕای مامۆستایان بوونی هەڵەکە بە ڕادەیەکە، کە جار وایە تێگەیشتنی قوتابی و مامۆستا تووشی گرفت دەکات. ئەو ڕێژەیە لە هەڵە، ئەم وتارە نیگەران دەکات و پێی وایە کە لە لایەکەوە کاریگەری نەرێنی لە سەر پێگەی زمانی کوردی هەیە و لە لای تریشەوە ڕەوتی پەروەردەکردنی قوتابی تووشی وەستان دەکات. بۆیە پێی وایە کە پێویستە پێداچوونەوەی خێرا و جیدی بۆ ئەم بابەتە بکرێت.

پرسیاری پێنجەم دەیەوێ بزانێت کە داخوا مامۆستایان بە چ ڕێژەیەک بەرامبەر بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەستیارن، چۆنی دەردەبڕن و ئاکامەکانی چین. چونکە پییوایە هەستیاری مامۆستا کاریگەری لە سەر برز کردنەوەی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. ئەو پرسیارە پشت بەو تیۆرە دەبەستێت، کە یەکەم، مامۆستا شارەزای چۆنییەتی زمانی کتێبە وانەییەکانە. دووهەم، ڕای مامۆستا لە بارەی چۆنییەتی زماندا دەتوانێ داهاتووی پێگەی زمانی کوردی تا ڕادەیەک نیشان بدات. سێهەم، پێیوایە کەجۆری بیروباوەڕی مامۆستا سەبارەت بە زمانی خوێندن و زمانی پێخوێندن و زمانەکانی تر کاریگەری لە سەر پێگەی زمانی کوردی و کۆی پرۆسەی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. لەو پێناوەدا پرسیاری پێنجەم لە مامۆستا دەپرسێت، ئاخۆ لە سەر ڕێنووس و خاڵبەندی و داڕشتنی کتێبەکان تێبینی هەیە. ڕێژەی وڵامەکان بەو شێوەیەیە. بەڵێ ٧٤٪ و نەخێر ٢٦٪.

ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، یەکەم، جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵگری سەرنجی زۆرە و دووهەم، ڕێژەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان لەو بارەدا تێبینیان

هەیە. واتە مامۆستایان وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی سیستەمی پەروەردە بایەخ بە جەستەی ئەو زمانە دەدەن کە کاری پەروەردەیی لە قوتابخانەدا پێدەکرێ. ئەوە ئاماژەیەکی باشە بۆ ئەوەی بزانین کە مامۆستایان خەمخۆری زمانەکەن و ئەگەر سیستەمی پەروەردە بەها بە تێبینی و سەرنجی وان بدا، دەبێتە هۆی چاکسازی خێرا لە جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا و دواتر دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی پیگەی زمانی کوردی.

وردبوونەوە لە هۆی وڵامی مامۆستایان لە سەر چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی دەریدەخات کە بەشێک لە مامۆستایان شارەزای جەستەی زمانی کوردی نین و ئەوەش ئەو وتارە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە لەوانەیە یەکێک لە هۆیەکانی چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی، بەرهەمی چۆنییەتی ژینگەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بێت، کە ئەویش دەچێتە خانی ناهوشیاری زمانی بەشێک لە مامۆستایان و ڕانەهاتنیان لە سەر ئەو بابەتە. ڕای مامۆستایان سەبارەت بە کوردی زان نەبوونی ئەو کەسانەی کە بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا دەچنەوە بابەتێکی ترە کە سەرنجی ئەم وتارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەو تێبینییەی مامۆستایان نیشان دەدا کە لەوانەیە ئەوانەی بە کتێبە وانەییەکاندا دەچنەوە، زانیاریان لە بارەی ناوەرۆکی بابەتە دەرسییەکاندا هەبێت، بەڵام شارەزای چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی نەبن. ئەو تێبینییە و لێکدانەوەکەی ئەو نامەیە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە پێویستە لە پەنا کونتورۆلی زانستی کتێبەکان، کونترۆڵی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکانیش بکرێت و

ئەوە لە لایەن کەسانێکەوە ئەنجام بدرێت کەشارەزای بابەتی زمان بە تایبەتی جەستەی زمانی کوردین.

لە بەشێکیتر لە وڵامی مامۆستایان کە کاریگەری لە سەر پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە دەردەکەوێت کە کێشەی جەستەی زمان لە سیستەمی پەروەردەدا کێشەیەکی کۆنە و بە بێ وڵام ماوەتەوە. ئەوە بەشێک لە مامۆستایانی تووشی ناهۆمێدی کردووە. بۆ نموونە بەشێک لە مامۆستایان دەڵین، سیستەمی پەروەردە لەو بارەوە چی پێناکرێت چونکە دەسگایەکی مردووە. بابەتێکیتر کە بە ڕای مامۆستایان بۆتە هۆی قەتیسمانەوەی چاکسازی لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا، ناشارەزایی ئەو کەسانەیە کە بە جەستەی زمانی کوردیدا کتێبە وانەییەکاندا دەچنەوە. وەک جی گالێن و ویلیام ئێم و ئارتۆرجی دەڵێن، پێویستە مامۆستایان بەشداری چالاکیان لە پلاندارێژی کۆی بەرنامەی وانەیی و ڕەوتی فێرکاریدا هەبێت(جی گالن، ویلیام ام و آرتور جی، ١٣٧٨: ٩٧). بەڵام ئەم وتارە پێیوایە کە سیستەمی پەروەردە دەبێ سەرنج و تێبینی مامۆستایان بە هەند وەربگرێت و بۆ ئەوەی مامۆستا بەو ئاکامانەی سەرەوە نەگات و هەست بکات کە بیروڕای ئەو لە ناو سیستەمی پەروەردەدا بەهای پێدەدرێت و بەو جۆرە خۆی بە بەشێکی کارا لە سیستەمی پەروەردە بزانێت. چونکە ناهومێدی مامۆستا لە چاکسازی دەبێتە هۆی وەی وزەی مامۆستا وەک مەکینەی بەرەوپێشبردنی مەبەستەکانی پەروەردەیی، تووشی سڕ بوون بێت. لەئاکامیشدا وا دەکات کە هەوڵی مامۆستا نەکەوێتە کار بۆ ئەوەی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان چاک بکرێت و پێگەی زمانی کوردی بەرز بکرێتەوە. ئەم

وتاره لە ڕێگەی پرسیاری زیاترەوه هەوڵی داوه بزانێت داخوا سیستەمی پەروەردە چەندە بایەخ بە ڕای مامۆستایان دەدات. ڕێژەی ئاکامی تێبینی مامۆستایان بە نیسبەت ئەوەی کە ئایا تێبینییەکانیان بە هەند وەردەگیرێت یان نا بەو شێوەیەیە: هیچ ئاکامی نییە ٦٠٪، ئاکامی کەمە ٤٠٪.

ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات کە بەها دان بە ڕای مامۆستایان بە جۆرەی ئاستی مامۆستایان نییە. ئەگەر لە ڕوانگەی تێگەی دێمۆکراسییەوە سەیری ئەم بابەتە بکرێت، دەردەکەوێت کە سیستەمی پەرەوردەی هەرێمی کوردستان نادێمۆکراتیکە. چونک وەک ئەندرۆهیوود دەڵێت، سیستەمی دێمۆکراتیک سیستەمێکە کە ئەندامەکانی لە چۆنییەتی بەرێوەبەرییەکەیدا بەشدارن(اندروهیود، ١٣٩١: ١٠٤). کەواتە بە هۆی نادێمۆکراتیک بوونی سیستەمی پەروەردە، مامۆستایان ناتوانن کاریگەری ئەرێنی لە سەر ڕێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دابنێن. نادێمۆکراتیک بوونی ئەم سیستەمەش پەیوەندی تەنیا بە چۆنییەتی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە، بەڵکوو بەرهەمی بارودۆخی فەرهەنگی، مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناوچەکەیە کە ئیزنی نەداوە کۆمەڵگەی کوردستان ببێت بە کۆمەڵگەیەکی دێمۆکراتیک. هۆی ئەم شتانە هەرچی بێت بۆتە هۆی ئەوەی لە وزەی مامۆستایان لە چۆنییەتی پلاندارێژیی سیستەمی پەروردەدا، سوود وەرنەگیرێت و هێزی هزری ئەوان نەبێتە پاڵپشتی چاکسازی لە چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا.

لە پرسیاری کۆتاییدا داوا لە مامۆستا کراوە کە هەر تێبینییەکیتر لە دەرەوەی پرسیارەکانی پێشوو لە بارەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کورستاندا هەیەتی

بینووسێت. لیرەدا هەوڵ دەدەرێت لە ڕووی ئەم پرسیارەوە زیاتر لە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا ورد بینەوە. ئەو خاڵانەی کە کاریگەریان نەرێنییان لە سەر پێگەی زمانی کوردی هەیە، سی لەسەدیان ئیدارین و حەفتا لەسەدیان لایەنی زمانەوانییان هەیە. بەشی ئیدارییەکەی بریتییە لە یەکەم، کەمتەرخەمی سیستەمی پەروەردە بەرامبەر بە پێگەی زمانی کوردی و دووهەم، بڵاونەکردنەوەی کتێبی وانەیی لە کات و ساتی خۆیدا و سێهەم، بەها نەدان بە ڕای مامۆستاین لە بارەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان. بەشی زمانەوانییەکەی، یەکەم، پەیوەندی بە نەبوونی زمانێکی ستاندارد لە ناو کتێبە وانەییەکاندا هەیە و دووهەم باس لەوە دەکەن کە ئەوانەی پیداچوونەوە بە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا دەکەن، لە بارەی زماندا خاوەنی پسپۆری نین و بە پێوەری تر هەڵدەبژێردرێن. ئەم دوو خاڵە لە پرسیاری کۆتاییدا نیشان دەدا کە بۆ بەرز کردنەوەی پێگەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، پێویستە چاکسازی لە هەر دوو لایەنی ئیداری و زمانەوانیدا بکرێت. ئەو دوو بابەتە نیشان دەدا کە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەم لەو بابەتە بخوات و کارێکی وا بکات کە هەموو سیستەمەکانی حکوومەتی، بە تایبەتی سیستەمی پەروەردە بە موئەسەساتی بکرێت و پسپۆری لە بابەتەکان ببێتە مەرجی دانانی ئەو کەسانەی کە قەرارە بە بابەتەکاندا بچنەوە. هەروەها کارێکی وا بکات کە وزەی مامۆستایان، ڕای وان لە بواری چاکسازی زمانی کوردی و باقی بابەتەکانی تر بە کار بهێندرێت.

**ئەنجام:**

ڕای مامۆستایان پێوەرێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و پلاندانانی زمانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. لەو ناوەدا ڕای مامۆستایان وەک کۆڵەکەی سەرەکی سیستەمی پەروەردە، وڵامی بەشێک لە پرسیاری ئەم وتارە دەداتەوە کە دەیەوێ بزانێ ئاخۆ سیستەمی پەروەردە چۆن بە پێگەی زمانی کە لقێکی سەرەکی پلاندانانی زمانییە چاراوە. لە وەسف و لێکدانەوەی ڕاپرسی مامۆستایان دەگەین بەو ئەنجامەی کە پێگەی زمانی کوردی لای مامۆستایان ئاستێکی بەرزی هەیە و مامۆستایان پێیان باشە کە خوێندن بە زمانی کوردی بێت. لە ڕوانگەی ئەوانە دەردەکەوێت کە هەرچەند زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردا خاوەنی پیگەیەکی بەرزە، بەڵام بە چەند هۆیەک زمانی کوردی لە پاشە کشەیە. ئەو هۆیانە بریتین لە ١. هێرش و هەژمۆنی زمانی ئینگلیزی، ٢، بێ پلانی سیستەمی پەروەردە بەرامبەر بە پیگەی زمانی کوردی، ٣. بابەتی ئابووری و زانستی کە وادەکا پیگەی زمانی کوردی بەرامبەر زمانی ئینگلیزی لاواز بێت، ٤. نەبوونی هۆشیاری زمانی، ٥. بوونی هەڵە لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا، ٦. ڕانەهێنانی بەردەوامی مامۆستایان لە سەر فێرکاری زمانی کوردی، ٧. لاوازی پەیوەندی لە نیوان قوتابی و مامۆستا و سیستەمی پەروەردەدا و سوود وەرنەگرتن لە ڕای مامۆستایان لەو بارەیەدا و ٨. بە حیزبی کردنی ئیدارەی سیستەمی پەروەردە. بەو هۆیانە ئەو نامەیە پیی وایە کە پێویستە ئاور لە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەرەردەدا بدرێتەوە و بیر لە بەهای ئەم پلانە بکرێتەوە و لایەنە کاریگەرەکان لە سەر پێگەی زمان بدۆزرێنەوە و کاریان لە سەر بکرێت.

سەرچاوە

کوردی

جەعفەر شێخۆلئیسلامی(٢٠١٧)، **زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو**، وەرگێڕ: عەبدولخالەق یەعقووبی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر

ڕەفیق شوانی(٢٠٠٨)، **زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا**، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکوریانی، هەولێر

سەلام ناو خۆش(٢٠١٠)، **ستانداردبوونی زمانی کوردی لە نێوان سیاسەت و سیاسەتی زمان**، چاپخانەی منارە، هەولێر

فارسی

برنارد سپاڵسکی(١٣٩١)، **سیاست زبانی**، ترجمه سید مهدی عرفانی، حسین داوری، ابوطالب ایرانمهر، دانشگاه دامغان

داوری اردکانی، نگار(١٣٩٠)، **برنامەریزی زبان فارسی**، نشر ساقی، تهران

داوری اردکانی، نگار(١٣٩٠)، **درآمدی بر حوضه مطالعاتی برنامەریزی زب**ان، نشر ساقی، تهران

داوری اردکانی، نگار، با همکاری آذردخت جلیلیان(١٣٩٢)، **جامعه شناسی زبان**، جامعه شناسان، تهران

رابرت فیلیپسن(١٣٩٥)، **امپراتوری زبانی**، ترجمه‌ی فاطمه مدرسی، ابراهیم ملکی و تاسر رحمتی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران

رونالد وارداف(١٣٩٣)، **درآمدی بر جامعه‌شناسی زبان**، ترجمه رضا امینی، تهران، بوی کاغذ

ویلیام سامارین(١٣٧٨)، زبان شناسی عملی، ترجمه لطیف عطاری، مرکز دانشگاهی، تهران

# The status of the Kurdish language in the education system of the Kurdistan Region

Saad Abdolrazzaq Qazi

College of Languages. Salaheddin University. Arbil

## Abstract

This article falls within the framework of social linguistics. The main question in this article is about The status of the Kurdish language in the education system of the Kurdistan. Previous studies have attempted to find the answer. Then the theories related to the position of language are linguistically examined. In addition to obtaining the necessary samples, the teachers of the "Axtar", "Jmhury" and "Faxer" schools in Erbil were surveyed and the samples were

collected. Subsequently, for the barrier collecting samples, the prepared table and the teachers' opinions were reviewed quantitatively, qualitatively and critically. It was important for this article to understand the ideas behind the Kurdish language's place in education, how these ideas came into being, how they were planned, how they were implemented, and what the result of this detailed program was on the Kurdish language.

In summary, it was concluded that the Kurdish language in the Kurdistan Region (ninth grade) education is in a good position, but it is somewhat declining and the maintenance and development of the Kurdish language in education needs more attention.

KEYWORDS: Linguistic Planning, Linguistic Status, Kurdish Language, The education system, Teacher.